# تیۆری مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە (الحداثة ، مابعد الحداثه)

سۆسیۆلۆژستی فەرەنسی ئالان تۆرین، بەمجۆرە پێناسەی مۆدێرنە دەکات: "بریتییە لە باڵادەستبوونی ئەقڵو شوێنپێ لەقکردنی تیۆلۆژیای مەسیحییەت لەلایەن زانستەوە، لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا.. لێرەوە ئەقڵ رێنوێنی زانست و کارکردنی لە واقیعی ژیانی رۆژانە دەکات. هەر ئەویشە کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گونجاو رێکدەخات، بە مەبەستی تێرکردنی پێداویستییەکانی هاوڵاتیان و بەختەوەرکردنیان .

هاوکات ئەوە هەر ئەقڵە دەوڵەتی یاساو دامەزراوەکان دێنێتە ئارا.. لە راستیشدا کرۆکی مۆدێرنە ئازادییە، واتە ئازادی بیرکردنەوەو تەعبیرکردن لە دەرەوەی هەموو دەسەڵاتێکی دۆگمایی کە لە دەرەوەڕا کۆنترۆڵت بکات. جەوهەرو ناوەڕۆکی مۆدێرنەش لێرەدایە.. کەوابێ ناکرێت کۆمەڵگەیەک بە مۆدێرنە ناودێر بکەین، گەر هاتو پاشخانێکی ئایدیۆلۆژی ئسوڵی یان ئایدیۆلۆژی نەتەوەپەرستی- رەگەزپەرستانەی هەبوو". قسەکانی ئالان تۆرین تەواو بوو.

لە درێژەی پێناسەکردنی مۆدێرنەدا، ئالان تۆرین لە شوێنێکی تردا دەڵێت: "مۆدێرنە هەر بە تەنها بریتی نییە لە گۆڕانکاریی پەتی، یان بە دوای یەکداهاتنی رووداو و چرکەساتی بەردەوام بێت، بەڵکو بریتییە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی داهێنەرانەی ئەقڵانی و زانستی و تەکنۆلۆژی و ئیداری لە ناو کۆمەڵگەدا. بریتییە لە رێکخستنی کۆمەڵگە بە شێوازی دیکارتیانە، واتە بە شێوەیەکی ورد و پوخت."

رەوتە تەقلیدییەکانی ناو کۆمەڵگاکانی ئێمە، لەگەڵ بەشێکی ئەم پێناسەیەدانو بەشەکەی دیکەشی رەتدەکەنەوە. واتە رازین بەوەی تەکنۆلۆژیا لەبەر سوودە زانستییە زۆر و زەوەندەکانی، پاشان لە پێناو بەکارهێنانەوەی وەک چەکێکی کارا لە دژی خۆرئاوا خۆی، بگوازنەوە بۆ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، بەڵام رێگرن لەوەی ئەو ئایدیا و تیۆریا فەلسەفیانە بگوازینەوە کە ژێرخانی ئەو ئامێرە تەکنۆلۆژیانە پێکدێنن.

ئەم هەڵوێستەش دەبێتە مایەی دروستبوونی کۆمەڵگەیەک کە دووچاری شیزوفرینیا بووبێت، واتە کۆمەڵگەیەک مەحکومە بەوەی لە لایەک دیلی دنیابینییە کۆن و بەسەرچووەکان بێت و لە لایەکی دیکەش، پڕی بێت لە جۆرەها نموونە و داهێنانی تەکنۆلۆژیی نوێ.

بێگومان فەیلەسوفانی ئەو سەردەمە خەونیان بە رۆژگارێکەوە دەبینی کە ستەمکاری تێدا نەبێت، تەنانەت ئەگەر ستەمکارێکی رۆشنگەریش بێت. خوازیاری ئەوە بوون سەردەمی ئازادییە دیموکراسییەکان بێتە ئارا و گەلان خۆیان حوکمڕانی بکەن، بەڵام دەیانزانی ئەوە کێشەیەکی قورس و ئاڵۆزە و ئەو خەونە قەشەنگ و جوانەش، ساڵانێکی زۆر دوای مردنی خۆشیان بەدی نایەت. بێگومان هەرواش بوو.. ئەوان هاتن تۆوەکەیان چاند و نەوەکانی دوای خۆیان، بەروبوومەکەیان چنییەوە.

ئەگەر پێناسەکەی ئالان تۆرین بۆ مۆدێرنە تینوێتیمان ناشکێنێ، بۆ نەچینە لای مەزنە فەیلەسوفی مۆدێرنە لەم سەردەمەدا کە ئەویش یۆرگن هابرماسە؟ هابرماس کە هەندێ بە هیگڵ، یان کانتی نوێی دادەنێن، دەڵێت: "مۆدێرنە واتە لەبەریەک

هەڵوەشاندنی دیدگا ئسوڵییە کۆنەکان بۆ جیهان و هێنانی دیدگای زانستی و فەلسەفی نوێ لە جێگای". واتە مۆدێرنە بریتییە لە سەرکەوتنی زانست و ئەقڵ بەسەر ئەقڵ و کەلەپووری کەڵەکەبووی چەندین ساڵەدا. بەڵام ئەم پڕۆسە گەورەو ترسناکە، تا ئێستا هەر لە ئەوروپادا روویداوە.لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشێ: بۆچی ئەقلانییەت هەر بە تەنها لە ئەوروپاو خۆرئاوای پێشکەوتوودا سەرکەوت و تا هەنوکە، لە هیچ ژینگەیەکی کولتووری دیدا سەرکەوتوو نەبووە؟ بێگومان ئەم پرسیارە زۆرێکی زۆر لە چین و هندستان و روسیا و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلام و تەنانەت ژاپۆنیش، تووشی رووگیری دەکات؟

.

سەرهەڵدانی چەمکی تیۆری پۆست مۆدێرنە:

لە بابەتە تیۆرییەکان یەکێک لەو چەمکانەی کە زۆرترین و کاریگەرترین چەمک بووە بریتیتە لە پۆست مۆدێرنە کە بەهۆی جیاوازی لە تێگەیشتن و ماناکانی لە ڕەخنەگرێکەوە بۆ یەکێکی تر ڕەخنەگرانیش جیاوازیان تێکەوت، بۆیە دەبینین کە ئەو مانایانەی کە پێشکەشکراوە بۆ چەمکی پۆست مۆدێرنە جیاواز و تێکهەڵکێشن بۆتە هۆی ڕوودانی گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ئەم چەمکە، بۆیە لە ڕووی بنەچەو سەرەتاس سەرهەڵدانیشەوە کەس نەیتوانیوە سەرچاوەکەی دیار بکات، هەندێکیان دەیگەڕێنەوە بۆ شاعیر و ڕەخنەگری ئەمریکی (تشارلس ئۆولسون) لە سالانی پەنجاکان. چەند بەرهەمێکی تریش هەیە و یەکێک لەوانە (چۆن واتکنز)ە کاتێک چەمکی «وێنەی پۆست مۆدێرنە «ی بەکارهێناوە، جگە لەم لە دەرکەوتنێکی تریش لەلایەن (رودولف بانفتز)ئاماژە بە چەمکی پۆست مۆدێرنە کراوە، هەندێکی تر دەیگرێنەوە بۆ مێژوونوسی بەریتانی (ئارنۆڵد توبینی) لە ساڵی (1954).

هەر دەربارەی سەرهەڵدانی (تشارلس ئۆولسن) ئاماژە بە سالانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەدات، هەرچەندە مەبەستیان هەندێ لە بابەتە سەرەتاییەکانی ئەم قوتابخانەیە، هەروەها لە ڕوانگەی (فریدریک جیمس) لەسەر هەندێ لە کارەکانی بەرەو ڕەوتی پۆست مۆدێرنە ئاماژە بۆ سالانی شەستەکان دەکات، کە چی (تشارلیز جینک فیری) بە شێوەیەکی سەیر دەڵێت سەرەتای دەرکەوتنی لە کاتژمێر سێ و نیو و دوو خولەک، لە شەوی دووشەممەی 15ی یۆلیوی (1972 ) بوو، بەڵام هەندێکی تر لە بیرمەندان ڕێکەوتی دەرکەوتنی دەگەڕێننەوە بۆ بوونی هەندێ دیاردە لە سالانی هەشتاکاندا (1).

پۆست مۆدێرنە لە سەردەمێکی سیاسی ئاڵۆز سەریهەڵدا بەو هۆیەی ماوەیەکی کەمبوو چەنگی جیهانی دووەم کۆتایی پێهاتبوو و لەسەردەمی جەنگی ساردابوو، ڕاگەیاندنی مافی مرۆڤ و بەدیارکەوتنی شانۆیەکانی (سمویل بیکیت)، و(ئادامۆف)، و(یونیسکو)، و(ئارابال) و سەرهەڵدانی فەلسەفەکانی ئەقڵگەرایی و بوونیادگەرایی و

تاکگەرایی و بەمشێوەیە گواسترایەوە بۆ قۆناغی نوێگەرایی و دوواتر ئەمانە بوونە هاندەری گەشەی زیاتری ڕەوتی پۆست مۆدێرنە.

وشەی پۆست یان پشت (مابعد) لە پۆست مۆدێرنە دەلالەتە لە پاڵپشتی کردن یاخود گەڕانەوە و بەردەوامی لەسەر ڕووداوێک کە هەندێک لە ڕەخنگران وا پێشبینی دەکەن کە پۆست مۆدێرنە تەنها چەخت کردنە بۆ ڕووداوەکان یاخود بەرەوپێشچوونی تەنها بریتییە لە بیرکردنەوە و چەخت کردنە سەر ڕووداوەکانی، هەروەها مێژوونوسی بەریتانی (ئارنوڵد توبینی) لە باسی پۆست مۆدێرنە دەڵێ پچرانی هەموو پەیوەندییەکانە تەنها مارسەی پەیوەندی مێژووی ڕۆژئاواییە. دەتوانین بڵێین چەند بیر و شێوازێکی هزریە کە بۆ نووسین و بیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری نوێ و مماسەری وتارەکانی نوێگەرای دەگەڕێتەوە (2).

لە یەکێک لە سەرچاوەکان دەڵێ پۆست مۆدێرنە قوتابخانە یان فێرگە نیە، بەڵکو ڕووداوە، بۆیە وشەی (Post) مانای لەپەراوێزخستنی نوێگەرایی نیە و پۆست نوێگەراییەکان خۆیان لە نوێگەرایی دانەبڕیوە. بەڵکو جۆرێک تێپەرین لە نوێگەراییە، بەمەبستی چاک کردنەوە و ڕەخنەگرتن و بەئەنجام گەیاندنیەتی. وشەی پۆست مۆدێرنە وشەیەکی فەلسەفی نیە، بەڵکو هەر لەسەرتای سەدەی بیستەم بۆ بابەت کەلێکی وەک هونەر و تەلارسازی کەڵکی لێ وەرگیردراوە، دواتر لە ئەدەبیات و کۆمەڵناسیدا پەرەی سەند و هاتە ناو بابەتە فەلسەفیەکان و لەلایەن بیرمەندانەوە پەری پێدرا، لە زانستە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیدا (Postmodernsim) مانای تێکەوڵاوکردنی نەریت و نوێگەرایی نیە، بەڵکو وردە وردە خۆی بەرەو لایەنی دەروونناسیش ڕاپێچ کردووە.

وشەی (پۆست مۆدێرنە) جەمسەرێکی گەورە لە بیرمەندان لە خۆدەگرێت بۆ وێنە پاش بنەماخوازەکان (Poststructuralists) بنەما شکێنەکان و تیۆرە فەرەنسییەکان و بیرمەندە دەروونناسەکان، کە نکۆڵی لە گەڕان بەشوێن ڕاستیدا دەکەن لە سەرجەمی ڕۆشنگەریدا.

(ئەنتۆنی گیدنز) کۆمەڵگا کەمینەکان و دابونەریتەکانیان لە قۆناغی کۆتایی نوێگەراییدا (الحداثه المتاخره)ڕەگی بەکاری نوێگەریەوە داکوتاوە،مەبەست پۆست مۆدێرنە کە بەهۆی جیهانگیریەوە ڕوودەدات و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نوێ چ بینراو یان بیستراو هێزی گەیشتنی بۆ هەموو مالێک لە هەموو شوێنێکی جیهاندا هەیە، لەگەڵ خۆشیدا وێنای بازرگانی دەگوازێتەوە بۆ سەرمایەداری نوێ، هەروەها (گیدنز) دەڵێت کۆمەڵگای پۆست نەریتی بریتیە لە کۆمەڵگای یەکەمی بوون، جیهانگەرایش بریتیە لە خاڵی کردنەوەی کۆمەڵگا لۆکاڵییەکان لە هەموو کلتورەکانیان.

هەروەها (گیدنز) پێیوایە کە پەیوەندییەکی کاریگەر لە جیهانگیریدا هەیە بە لێکترازانی نەریتە باوەکان، بەڵام چەندێتی مەودای هۆگربوونی خەڵکی بە کولتوورەکانیانەوە نەزانیوە هەتا قۆناغی پشت نوێگەرایی و ئەو نەریتانەش دەبنە هۆی بەهێزکردنی پشتگیری ناسنامەی تاک و کۆمەڵ (4).

**هزری تیۆری پۆست مۆدێرنە:**

کولتووری پۆست مۆدێرنە لە سەرەتای دروستبوونیدا لە ساڵەکانی دەیەی (1960)دا بەروداوێکی ڕادیکاڵ و ڕەخنەگرانە دەژمێردرا، هەڵوێستێکی کەمایەتی بوو کە بۆ نموونە لەلایەن هونەرمەندانی پۆپ و تیۆری پۆپ دژی دیدگای کورتکرانەوەی هونەری نوێگەرایی و ستاتیکای باڵادەست بەسەر دەزگاگەلێکی وەک مۆزەی هونەر نوێگەراییەکان وەرگیراوە، لە بیناسازیدا تیپی تێن، جین یاکۆبز، (رابرات نتۆری)، هێرشەکانی خۆیان دژی بیناسازی نوێگەرایی ئۆرسێزێکس لەبەر دەستەبژێرەکەی، و لە ناوبردنی شارەکان و بیرۆکراسیەکەی زمان سادەکەی دەستییپێکرد، دوواتر لە سەرەتای دەیەکانی (1970 پۆست مۆدێرنە ڕەوتی خۆی وەرگرت (5).

لەبنەڕتدا پۆست مۆدێرنە لەبواری کۆمەڵایەتییدا تێکەڵکردنی گیراوەیەکە لەهەر جۆرە نەریتێک لەگەڵ نەریتەکانی ڕابردوودا، هەم بەردەوامیەتی نوێگەرایی و هەم تێپەڕاندن و پەرەسەندنێتی، دەکرێ وەک خاسلەتێکی سەرەکی بەرهەمە پۆستمۆدێرنەکان لەکۆد و ڕەمزی چەند ڕەهەندی، پۆستمۆدێرنیزم بە بزوتنەوەیەکی کلتوریی و هەر قۆناغێک یان سەردەمێکی مێژوویی دابنرێت (6).، هزرڤانانی پۆست مۆدێرنیتە هاوبەستەیەکیان لەنێوان پۆلێنکردنی هەڕەمەکیانەی مەعریفە و پۆلێنکردنی هەرەمەکییانەی کۆمەڵایەتی دۆزیوەتەوە، ئەقڵخوازە ڕۆشنگەری- ئەوەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن- ئەقڵخوازی تاکی سپیە، ئەقڵخوازی پیاوە، هەروەها شێوازێکی ترە لە شێوازەکانی ستەمە بەرامیەر ئافرەت و کەمینەکان (واتە ستەمکردنی ئەوروپییەکان بەرامبەر بە گەلانی تر) بەمشێوەیە ڕەوتی پۆست مۆدێرنیتە پەیوەستە بە هەڵوێستی سیاسیەوە. (سکۆت لاش) لە کتێبەکەیدا (کۆمەڵناسی پۆست مۆدێرنیتە) پێ وایە ئەم بزوتنەوەیە لە چەقێک بۆ جۆرێکی پەرەسەندنی نوێگەرایی پەلیهاویشتووەو لەسەر جیاوازی و سەربەخۆییەکی زیادەرۆییانەی بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەهێزبووە..

پۆست مۆدێرنیتە ئەمرۆ بووە بە ڕێنمایکەری ژیانێکی ئاڵۆز، لە ڕاستیدا ئەوژیانە هێندە ئاڵۆزە چەندان جۆری جیاوازی دووای نوێگەرایی هێناوەتە ئاراوە،گریمانەکانیان لەسەر ئەوە دادەمەزرێنن کە کۆمەڵگا، کەلتوور و شێوازی ژیانی ئەمرۆ جیاوازیەکی بەرچاوی لەگەڵ سەد ساڵ یان پەنجا ساڵ یان تەنانەت سی ساڵی ڕابردوودا هەیە، ئەوان گرنگی بەبابەتی دیاریکراو وەک گۆڕانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کۆمەڵگای مەسرەفکەر و تەکنیکبوونی زانیاریەکان دەدەن، بڕوایانوایە ئەم گۆڕانانە کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی ئێمە بۆ بابەتی ئەبستراکتر، وەک مانا، شوناس و تەنانەت واقع دادەنێت.

تیۆری پشت نوێگەرایی بڕوای بە عەقڵی ڕەها یان حەقیقەتی ڕەها نییە، بەڵکو بڕوای بەعەقڵی ڕێژەیی و حەقیقەتی ڕێژەیی هەیە، ئەم فەلسەفەیە داوا دەکا ناکۆکییەکان لەرێگای گفتوگۆ و وتوێژەوە چارەسەر بکرێن، هەروەها

خوازیاری گەڵاڵەکردنی کۆمەڵەیەکی دیاریکراون، کە سەرجەم لایەنەکان لەخۆبگرێ و لەپێناو پەراوێزکردنی توندوتیژی و پێکدادانددا، بەڵام هەموو کۆمەڵەیەک کاتییە، دوای ماوەیەکی کورت یان درێژ بێگومان کەلێن و کەلەبەر دەردەکەوێ، پاشان سەرلەنوێ گفتوگۆ دەست پێدەکاتەوە و لەپێناو گەیشتن بە کۆمەڵەیەکی نوێ، ئیتر بەم شێوەیە، بەڵام کۆمەڵەی عەقڵانی خاوەن ئامانجی گەردوونی کە هابرماس بڕوای پێی هەبوو، لیوتار گوتەنی، تەنها ئەفسانەیەک بوو لە ئەفسانەکانی تازەگەری (7).

دەتوانین بڵێین پۆست مۆدێرنیتە ئاماژەیە بۆ گۆڕانە کولتووری و هونەریەکان بۆ نموونە لە مۆسیقا و ئەدەبیات و تەلارسازی و فیلم..هتد فۆرمێکی تیۆری هەیە و ئەوەی ئەمڕۆ لە جیهاندا بەسەر بیرکردنەوەدا زاڵە، ڕەوت ڕێبازە مۆدێرنەکانە. قۆناغی پشت نوێگەرایی بەشێوەیەکی دەرەکی دەرنەکەوتووە، ئەگەرچی لەشێوەی تیۆریدا هەندێ کێشەی گەڵاڵە کرد، هەروەها هەڵگرانی ئەم ڕەوتە ئاسۆییەکی بەرفراوانیان هەیە، بەڵام لەم ئاسۆ بەرینەدا، زانستی نوێ بەشێکی بچووکی لە ئەستۆدایە بەهۆی ئەوەی کە لە قۆناغی مۆدێرنیزمدا زانستی نوێ و تەکنەلۆژیا باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشاوە، بەڵام لە گەڵ ئەمەشدا بایەخ بەو شتانە دەدرێت کە لەلایەن زانستی نوێوە سەرکوت کراون، زانستە مرۆییەکان بایەخی ئەوتۆی پێ دەدرێ و پلە و پێگەی بەرز پەیدا دەکات.

**ژان فرانسوا لیوتارد و تیۆری پۆست مۆدێرنیتە:**

ژان فرانسوا لیوتارد (1924-1998) Lyotard،F،J، فەیلەسوف و زانای کۆمەڵناسی و تیـۆرڤـانی ئەدەبی فەرەنسییە، یەکێک لە دیارترین کەسایەتیەکانی بواری وتوێژی فەلسەفی ( پۆست مۆدێرنیتەیە). (لیوتارد) کۆمەڵێک بەرهەمی فەلسەفی و کەلتووری هەیە، یەکەم ڕۆشنبیر و بیریار بوو لە ناو فەرەنسیەکان کە سەرقاڵی ناساندن و بڵاوکردنەوەی تیۆری پشت نوێگەرایی بوون، لە هەمووان بەرجەسترو دیارتر بوو، بە یەکەم کەس دادەنرێت کە چەمکەکانی «نوێگەرایی» و «پشت نوێگەرایی» هێنایە ناو بواری توێژینەوەکان، هەرچەندە نیگەڕانیەکانی زۆر جدی و قوڵ نیە لە بەرهەمەکانی (لیوتارد)ـدا، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا چەند ئاماژەیەکی کورت و بەسوودە بۆ بواری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، تیۆرەکانی کە پانتایی بیروبۆچوونەکانی لە حەفتاکاندا بەدواوە بە خێرایی لە ئاستێکی بەربڵاودا سنورەکانی ئەوروپای بەزاند، هەرچەندە سەرەتا لە ژێر کاریگەری بیروبۆچونەکانی (مارکس) و (فرۆید) و(لینچە) بوو(8). لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بۆ چەمکی پشت نوێگەرایی بکەمەوە کە لە ڕووی سۆسیۆلۆژیەوە کە بڕوای لە سەر ئەوەیە گۆرانکاریەکی گرنگە لە بواری بەهاکاندا، دەزگا کۆمەڵایەتییەکان و ڕووداوە تەکنەلۆژیەکان لە دەیەکانی دوایی سەدەی بیستەم ڕوویداوە.

(لیوتارد) لە کتێبی (دۆخی پۆست مۆدێرنە)دا کە وەک ڕاپۆرتێک لەبارەی مەعریفەوە بۆ حکومەتی کیبک لە کەنەدا پێشکەش کراوە، تیایدا توێژینەوە لەبارەی مەعریفە و تەکنەلۆژیا لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان کردوە. لەم کتێبەدا بیرۆکەی کۆمەڵگا وەک شێوەیەک لە شێوەکانی یەکێتی و یەکبوون حوکمی بەسەر دراوە، وایدەبینێ کە کۆمەڵگا لەم قۆناغەی سەرمایەدارییدا هەقیقەتی خۆی لەدەستداوە، کۆمەڵگا وەک یەکایەتیەک (گشتێکی ئۆرگانی) یاخود وەک سیستەمێکی ئەرکگەرایی، یاخود وەک گشتێگ کە بۆ دوو چینی دژ بەیەک سەرمایەدار و پرۆلیتار بە پێی تەفسیرەکەی مارکس نەماوە، چیتر ئەو هەقیقەتەی نەماوە، بەهۆی ئەو گەشەسەندنە زۆرەی ڕوویداوە، ئیتر وەک حیایەتێک کە کۆمەڵگا بۆ خزمەتی تاکەکانی، بوونی هەبێ و گشت یەکەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە، پەیوەندی نێوان بەشەکان دادپەروەرانە بەپێی بارودۆخەکە ڕێکبخاتەوە) (9).

لێرەدا ئامانجگەرایەک دەهێنیتە کایەوە کە هەموو ڕایەڵەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی زانست و مەعریفە دەبەخشێت، لە وەی کە پێیەوە پەیوەستە، هەروەها لەبارەی بابەتە سۆسیۆلۆژیەکانیەوە وەک ئاراستەیەکی دژ بە ڕەوتی نوێگەرایی دەڵێ ئێمە گەیشتوینەتە قۆناغێک نوێگەرایی بە مانای قەیرانێکی قوڵە، لە دەرکەوتنی جۆرێک لە دژایەتی عەقڵ و ناباوەڕی بە زیندوویەتی عەقڵ، بەدگومانی خەڵک بەرامبەر زانست و بەرامبەر بەوەی کە هەوڵی خۆشبەختی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وەک خەونێکی ڕوو لە پاشەکشەدایە، بەگشتی هونەر و کەلتوور پیشاندەری ئەم خاسڵەتە یان هەڵومەرج و حاڵەتەن.

بە پشت بەستن بە چەند سەرچاوەیەکی تر (لیوتارد) لە ئاماژەو بۆچونەکاکانییدا بۆ ئەو هەڵوێستە گومانیاویان دەگەڕێتەوە کە لە حیکایەتە گەورەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە و ڕاستیەکانی جیهان بەشێوەیەکی ڕەهاو بێ گفتوگۆی ئەملاو ئەولا دەبینن، بۆیە پۆست مۆدێرنە بۆتە هۆی دەرخستنی ناسنامەی کەمینەکان. هەروەها بەهۆی پێشکەوتنی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیاوە ئامرازەکانی بەرگری کردن زیاتر لە بەردەستدایە بۆ کۆمەڵە خۆجێی و بچووکەکان کە پێشتر بەشێکیان بەهۆی توندوتیژیەوە سەرکوتکرابون و ئێستا توانای بەرگری لە خۆیان زیادیکردووە.

### ژان فرانسوا لیوتارد، پۆست مۆدێرنە ورەوشی مەعریفە:

(لیوتارد) دەڵێت من پۆست مۆدێرنە وا پێناسە دەکەم، کە مەعریفەیەکی گوماناویە لەبارەی گێڕانەوەو باسکردنی ڕابردوو. هەڵبەتە ئەم گومان وپەیبردنەش بۆ پێشکەوتنی زانست دەگەڕێتەوە..، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وهەرچۆنێک بێت ئەم پێشکەوتنە خۆی سەپاندووە و هەتا دێت زیاتر خۆی دەسەپێنێ. ئەوەش دەبێتە ئاستەنگ و لە دەستدانی

ئەم ئامرازە بەدەستهاتووە شەرعیەی ئاڵوگۆڕکاری کە مەعریفەیە، ئەوەی شایانی باسکردنە، بریتیە لە قەیرانەکانی میتافیزیکای فەلسەفی دەزگای زانکۆیی، کە ڕابردووی خۆیان لەسەر ئەو مەعریفەیە بنیاتناوە.

لەسەر ئەو بنەمایە، باسکردن یان وەزیفەی هونەری گێڕانەوە فاکتەرەکانی خۆی لە دەستدەدات.

هەریەک لە ئێمەش لە نێو زۆرێک ئەو پێکگەیشتنانە دەژین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە پێکهاتەکانی زمان بە شتێکی نەگۆڕ و چەسپاو نابینین، هەروەها ئەو تایبەتمەندیانەش کە بۆی دروست دەکەین پێویستیەکی براوەو ڕەها نیین.

بۆیە لەداهاتوودا کۆمەڵگا کەمتر بەلای ئەنترۆپۆلۆژیای(نیوتن)ـدا دەچێت وەکو(سیستەماتیک یا تیۆری سیستمەکان) بە بەراوورد بە پراگماتیکای زمانی گەردیلەکان و جۆرەها دەستکاریکردنی جیاواز هەیە بەڕەگەزەکانی زمان.

هەرچۆنێک بێت، دروستکەرانی بڕیار لە ڕکابەرایەتی وبەرانبەرکێدان لە پێناو بەرێوەبردن وکارکردن لەسەر ئەم بۆچوون وخەیاڵە کۆمەڵایەتیانە، بەگوێرەی هاوردەو دەرکردەی وەسفەکان، ئەمەش دوای ئەو لێکدانەوە لۆژیکیەوە دێ کە پێیوایە ڕەگەزەکانی زمان شایانی پێوانەکردنن و مەبەست لە هەموو سستی دیاریکردنیەتی،هەڵبەت پیادەکردنی ئەم پێوەرانە بەسەر تەواوی ئەو کارانەی دەیکەین پێویستی بە بوونی ئاستێکی دیاریکراوی مەترسی و گومان هەیە، جا ئەو مەترسیە لەسەرخۆ بێت یانیش بە هێز وهەژموون بێت کە لەرێگایەوە دەستدەکرێت بە ئەنجامدانی کارەکە وەیان ئەنجامنەدانی ئەوەشیان لە هەردوو باردا پێویست بە پێوانە وهەڵسەنگاندن دەکات.

بێگومان لە زۆر لایەندا ئەو پەڕی تواناى جێبەجێکردن نەگونجاو دەبێ، نەخاسمە ئەوەی بەلایەنی سۆسیۆلۆژیای ئابووری پەیوەندیدارە، کە هەموو داوای ئەوە دەکەن کارێکی کەم بکەن بۆ ئەوەی تێچووی یان خەرجی بەرهەم کەمبێتەوە، سەیرتر لەوەش مەبەستیانە بارگرانی سەرشانی ئەو کەسانە کەمبکەنەوە کە بێکارن.

بەڵام ئەو گومانەی کە ئێستا لە لامانە ئەوەیە، کە گومان ناکەین لەوەی بتوانین لەم ناچونیەکی ونەگونجانە ڕزگارمان بێت، وەکو مارکس کردی.

لەگەڵ ئەوەدا، کە مەرجی دوای مۆدێرنە جێگای ئومێدی نیە، هەروەکو ئەوەی ئاسایانە شەرعیەت لە کۆلێژ بسەندرێتەوە، بەجۆرێک کە ئاخۆ دوای قسەو باسکردن لەسەری، ئایا دەکرێت شەرعیەت بەرقەرار بکرێت یان دەکرێت پشت نوێگەرایی شەرعیەت بخاتەوە؟ ئا لەو کاتشدا دەبێ بزانین کە پێوەری زانستی تەکنەلۆژیایە، بەڵکو مافی بڕیار بەدەستان نیە داخۆ ئەم کارە هەڵەیە یان دروستە؟

ئایا ئەوەیە کە (هابەرماس) پێیوایە ئەم ناشەرعیەتە زادەی بۆچوونەکانە ؟ بۆچوونەکان توندو تیژیان لێدەکەوێتەوە، چونکە گونجانێک بەدیناکرێت لە یاریەکانی زمان، بەردەوامیش ئەم جۆرە بیرکردنەوەو بۆچونانە بشێویان لێ دروست دەبێ.

فەیلەسوفەکان بەلایەنی کەم دەتوانن لەگەڵ بیرکردنەوەیان ئەوە بۆ خۆیان بهێننەوە یاد کە شێوازو شیکردنەوەی پراکتیکیانەیان بۆ فەلسەفەیەکی دیاریکراو لەگەڵ ئادابی سیاسی و وتاری شەرعی (لۆژیکی) تاوتوێ بکەن، ئەوە لەداهاتوودا دەستکەوتی مەزنی دەبێت

دووبارە والاکردنی بازاری جیهانی و گەڕانەوە بۆ هێزی چالاکی ململانێی ئابووری، لە گەڵ کۆتایهێنان بە خۆسەپاندنی سەرمایەداری ئەمریکی و پاشەکشەکردنی ئەلتەرناتیفی سۆسیالیستی، کە ئەگەری ئەوەش دەکرێ بازاڕی چینی پەرەبسێنێت، ئەمانە و زۆر هۆکاری دیکە کە لەراستیدا ئێستا بوونیان هەیەو کۆتایی حەفتاکانەوە هەستی پێدەکرێت، لەگەڵ ئامادەکردنی وڵاتان بۆ دروێنەکردنی جیددی ئەو رۆڵە خراپەی هەیانە بۆ بەرخۆرکردن لەوەتەی سالانی (1930) یەکاندا، کە ئەوەشیان بەڵگەیەکە، یان ئاماژەیەکە بۆ گەمارۆدان یان ئەوەتا بۆ وەبەرهێنانە لەژێر ڕۆشنایی ئەمانەی باسکران، دەکرێ تەکنۆلۆژیا ببێتە هۆیەک بۆ چاوخشاندنەوە بە زێدەبوونی زۆری پێویستیەکان، چونکە تەکنەلۆژیا لەوەتەی گەشەی سەندووە بووەتە دروستکەری زانیاری بڕیاردان ( بوەتە هۆکارێک بۆ بەرزەوتکردن وکۆنترۆڵکردن تەنانەت جووڵانەوەیەکی زۆرو بابەتێکی زۆری چەتەگەری ).

وێناکردن وتێگەیشتن لەوەی بەدەوروبەرمان ڕوونن، پیادەکردنی هەمان شتەکانیان بەسەرمان کارێکی قورس نیە، لەبری ئەو بەها (فێرکار) وسیاسیە (کارگێری و دیبلوماتی وسەربازیەی هەیەتی )جیاکردنەوەشیان، پەیوەندی نیە بە زەمەنی مەعریفە ونەزانی، بەڵکو جیاوازیەکەیان لەوەدایە کەلەگەڵ پارە هەیانە لەلایەنی (مەعریفەی پێدانی پارە و (مەعریفەی وەبەرهێنانی پارە)، بەجۆرێکی دیکە، جیاوازیەکە لەنێوان یەکەکانی مەعریفەی ئاڵوگۆڕکاریدایە لە چوارچێوەی دووبارە بنیاتکردنەوەی هێزی کار (رزگارکردن ) یان بەچەشنێکی دیکە درێژەدان بەمانەوە، لەبەرانبەر ئەو داهاتە مەعریفیەی بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە تەرخانکراوە.

ئەگەر دۆخەکە بەم جۆرە بێت ئەوا شەفافیەتی پەیوەندیکردن دەبێتە هاوشێوەی لیبرالیەت. لیبرالیەتیش ڕێگە لە ڕێوشوێنی ڕێکخستنی هەڵاوسانی دارایی ناگرێت کە لەهەندێک بوارەکانی دروستکردنی بڕیار بەکار دەهێنرێت، لەبەرانبەردا ئەوانی دیکە جگە لە دانەوە (گەڕاندنەوە) ی قەرز چی دیکە ناکەن، وابێتە بەرچاوت کە کەڵەکەبوونی مەعریفی کەشتێکە بەدرێژایی کەناڵێک هاوشێوەی کەناڵێکی سروشتی، کە هەندێک لەوانە بۆ دروستکەرانی بڕیار خزمەت دەبەخشن، ئەوەش لەکاتێکدا دەبێ ئەوانی دیکە والێبکرێن کە دەبێ هەریەکێکیان دووبارە وەک ڕێزگرتنێک لە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی قەرزەکە بگەڕێنێتەوە.

**ژان بۆدریار و هزری پۆست مۆدێرنیته:**

ژان بۆدریار (1929-2007) Jean Baudrillard، فەیلەسوف و کۆمەڵناسی فەڕەنسی، سەبارەت بە قۆتابخانەی پۆست مۆدێرنە (بۆدریار) لە دوای (لیوتار) و (فۆکۆ) یەکێک بووە لە بیرمەندان و ڕەوتی ئەم قوتابخانەیە، یەکێک بووە کە لە شیکەرەوە گەورەکانی ڕەوتی سەرمایەداری داخراو، پێیوایە کەلوپەل لە کۆمەڵگای بەکاربەردا لە ژێر بەهایەکی هێمایی دیاریکراودایە، (بۆدریار) لە شیکردنەوەکانی بۆ سەرمایەداری دەڵێت: کەل و پەل لە کۆمەڵگاکان بەکارهێنەردا بەهایەکی هێمایی دیاری هەیە کە خەڵک حەزی لێدەکەن و کەلوپەلی مارکە دیارەکان بەکاردێنن بەهۆی ئەو بەهایەی لەبەکارهێنانیدا هەیە، وەکو مارکەی (Honda)ـی ئۆتۆمبێل کەخەڵک بە هۆی ناوبانگی مارکەکەیەوە دەیکڕن نەک جۆرەکەی،ئەمە بۆ هەموو ئەو کەل و پەلانەی کە بەهای ڕەمزیان هەیە هەر ڕاستە، ئەو تیۆرەش هەروەکو تیۆری بەهایە لەلای (ڤێبەر) و (فلیپن) لەبارەی بەکاربردنەوە. (بۆدریار) دەڵێت ڕۆژگارێکە خەڵک جیاوازی ناکەن لە نێوان دەستکاری ساختە و ڕاستییەکاندا (12).

هەر لەدوو توێی بۆچوونەکانیدا (بۆدریار) دەڵێت، لە کۆمەڵگایەکدا کە بەرهەم هەژمونی تایبەتی هەبێت، لە نێوان بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوگۆڕکردندا گرنگی خۆی دەبێت، هەروەها دووبارە هەڵسەنگاندنەوە و ڕەخنەی لە تیۆری ئابووری (مارکس) لەبارەی شت/بابەت، بەتایبەتی لەوەی کە پەیوەستە بە بیرۆکەی (بەهای بەکاربردن)ەوە دەگرێت، لە یەکەم قۆناغی سەرەکی کارەکەیدا پەرە بەتیۆرێک دەدات کەباس لە بابەتی بەرهەمهێنان و بابەت دەکات بە پشت بەستن بە سیمۆتیکا، لەقۆناغی دووەمدا باس بیرۆکەی نیشانە دەکات بەو پێیەی ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی ماناو گرنگێتی (13).

(بۆدریار) لە نوسینەکانیدا لە ناوەراستی حەفتاکاندا دەستی بە نوسینی کتێبەکەی بەناونیشانی «ئاڵوگۆری ڕەمزی و مەرگ»کرد، تیایدا (بۆدریار) باس لە دەرەنجامە ڕیشەییەکانی کۆد و تێکەڵبوونی بە کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی ئەم دواییانە (Postmedernism) دەکات، کۆد بۆ ئاماژە بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ڕێگای ژمارەیی دەکات، بەڵام ئەوانە سەرەکین لە فیزیا و بایۆلۆژیا و زانستە سروشتیەکانی تر، ئەمە وادەکات دووبارە بەرهەمێنانی بابەت و هەڵوێستەکان بەشێوەیەکی تەواو مومکین بێت، بۆیە کۆد یارمەتی دەر دەبێت لە تێپەڕاندنی واقیع و کردنەوەی بوار لەبەردەم ناوزەندکردنە بەناوبانگەکەی ئەویش واقیگەری زیادەرۆ (Hyperreality).

(بۆدریار) لە نوسراوە فەلسەفیەکانی خۆیدا فیزیا بەمانەی واقعی لەبەرچاودەگرێ و دەڵێت تەنانەت ئەگەر مرۆڤ دابەشکردنی نێوان ئەو بابەتانەی قبوڵ کرد کە بەهای بەکاربەری (بابەتەکانی وەک سودو پێداویستیەکان) و بەهای ئاڵوگۆڕیان هەیە، ئەوا ئەو پرسیارەی کە دەوروژێنرێت ئەمە: بە دیاریکراوی لەکوێدا هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان دوو

شێوەیەدا بکێشین؟ لە کتێبەکانی (سیستەمی شتەکان) و (کۆمەڵگای بەکاربەر ) (1970)، (بەرەو ئابورییەکی سیاسی پەیوەندییەکان) (1972)، یەکەمجار بۆدریار بۆ شیکردنەوەی فراوان دەکات لەپاڵ بابەتی ڕەمزی و بابەتی نیشانەی بۆ توێژی بابەت. دواتر باس لەوە دەکات کە پێویستە جیاوازی لە نێوان چوار جۆری لۆژێکدا بکەین:-

1- لۆژیکی ئەو ڕێوشوێنە پراکتیکییانەی کە بەرامبەر بەهای بەکاردبردنن.

2- لۆژکی بەرامبەربون کە یەکسانە بە بەهای ئاڵوگۆڕی.

3- لۆژیکی یەکسانکردنی ئاڵوگۆڕی ڕەمزی، یاخود بەریەککەوتن، یاخود دووفاقبوون.

4- لۆژیکی جیاوازی کە بەهای نیشانەیە.

دەکرێت ئەو جۆرانە بەمشێوەیە کورت بکەینەوە و بڵێین : یەکەمیان لۆژیکی بەرژەوەندیە، دووەمیان لۆژیکی بازاڕە، سێیەمیان لۆژیکی دیارییە (الهدیە)، لە چوارەمدا لۆژیکی حاڵەتە.

لە لۆژیکی توێژی یەکەمدا بابەت دەبێتە ئامراز، لە دووەمدا دەبێتە کاڵا، لە سێیەمدا دەبێتە ڕەمزێک و لە چوارەمدا دەبێتە نیشانە.

**دایڤید هارڤی و قەیرانی کۆمەڵگا:**

دایڤید هارڤی (1935- ) Harvy .D تیۆرڤانی کۆمەڵایەتی و جوگرافی بەرەگەز بەریتانی، (هارڤی) لە باسی قەیرانی کۆمەڵگا بەو پێیەی هەڵگری بیروباوەڕی مارسکی بوو ئاماژە گۆڕانە ئابووری کولتوورییەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە وەڵامەی قەیرانی سەرمایەداری نەریتین، قەیرانی زێدە بەرهەمی یان ئەوەی ناوی دەنێت قەیرانی زێدە کەڵەکەکردنی بەرهەم، کە بەپێی تیۆری مارکسی تەماشای دەکات گوایە ئەنجامی دژکاری نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانن. ئەو بەرسڤەش وا ڕاڤە دەکات کە پەیوەستە بەو گۆڕانەی بەسەر بونیادی سەرمایەداری هاتووە، لەبەرئەوەی سەرمایەداری تایبەت بە تەمویل (دۆنەر) کە ئاسانترە لە بزاڤدا لەو سەمایەیەی تایبەتە بە پیشەسازی، ڕۆڵێکی گرنگ و باڵادەست دەگێڕێت و سیستەمی بەرهەمهێنان لەجۆری ئەوەی کە بە فۆردگەرایی ناسراوە، بازیداو بەرەو جۆرێکی تر ئەوەش پۆست فۆردییە (مەبەست هنری فۆرد)ـە.

لێرەدا گۆڕانەکان لە زۆرلایەن دەردەکەون وەکو گۆران لە شێوەی دەستی کار دوور لە نموونە باوو ڕێکخراوەی کە پشتی بە چاودێرییەکی ورد و بەرز دەبەستاوە و لەسەر بنچینەی هزرەکانی (هنری فۆرد) دامەزرابوو شێوەی نوێی ڕێکخستن پشت بە بەرهەمهێنانی دیاریکراو دەبەستێت و جەخت لەسەر شارەزایی و پسپۆری هێزی کار دەکات.

(هارڤی) لە شیکردنەوەکانیدا قسە لەبارەی ئەو کردەیە دەکات لەسەر شارەزاییمان کە پەیوەستە بەشوێن-کات، ئەوەش دەردەکەوێت کە ئەو کردەییە تۆخمی زۆر لەوە زیاتر لەخۆدەگرێت لەوەی کە گیدنز مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، وەکو ئەوەی (هارڤی) دەڵێت، کەڵەکەکردن قۆناغێکی گەرم و گوڕە لەژێر پاڵەپەستۆی هەردوو توخمی

شوێن و کاتدا، هەروەها بەرهەمهێنانی چەندایەتییەکی بچوکیش لەخۆدەگرێت لەگەڵ خێرایی هەڵسوڕاندنی سەرمایە و خێراترکردنی کارو خێراتربوونی هەموو ئەو مۆدێلانەی لەبازاڕە جەماوەرییەکاندا دەخرێتە ڕوو، لەگەڵ گواستنەوە لە جەختکردنەسەر دابینکردنی خزمەتگوزاری بەرخۆری کە ڕاستەوخۆ نامێنێت.

هەموو ئەو پێشەوەچوونانەی وا لە جیهانی ئێمە دەکەن ببێتە جیهانێک کە شتەکان تێدا بەشێوەیەکی زۆر خێرا تێیدا دەگۆڕێن و لەناودەچن، لە هەمان کاتیشدا شێوازەکانی نوێی گەیاندن بەربەستەکانی شوێنیان تێک شکاند و ئێستا لەلای شوێنەکان کە شوێنگەی جوگرافین گرنگە خۆیان لەشوێنی تر جیابکەنەوە بۆ ئەوەی ببنە شوێنێک وەبەرهێنان کێش بکەن بۆخۆیان. ئەنجامی ئەو کردەیە پەرت بوون و لەدەستدانی ئاسایش و پێشەوەچوون و سەراوژێربوونی خێرای ئابووری جیهانی بوو کە لەسەر گواستنەوەی سەرمایە بونیادنراوە.

(هارڤی) وا باس لەو دیاردەیە دەکات گوایە قەیرانی نواندنە، واتە قەیرانی ئەوەی دراو ناتوانێت نوێنەرایەتی بەها بکات، تیایدا قسە لەسەر زێدەڕۆیی سروشتی مۆتەک(شەبەح)یانەی خودی دراو دەکات کە ئەوش ئەوکاتە دەستی پێکرد کە چاپکردنی دراو چیتر پشتی بە کانزای گران بەها نەبەست، لەماوەی(20) ساڵی ڕابردووشدا ئەو کردەیە زۆر خێراتر بەرێوەچووە، بۆ نموونە من تەنیا بەشێکی هەرە کەمی مووچەکەم لەشێوەی پارە وەردەگرم، لەبەرئەوەی بەشی هەر زۆری لەسەر شێوەی(چەک) یان کارتی بانکی یان چەند کاغەزێک بەر لە چەند ساڵێک ئیمزام کردوون بۆ ئەوەی خانووێک بەقست بکڕم لەبەردەستم دەچێتە دەر(18).

لێرەدا (هارڤی) دابەزینی دراو بەهۆی نرخ هەڵاوسانەوە نابێتە دابەزینی بەهای دراو، بەڵکو دانانی پارە لە بانک هۆکارێکە بۆ لەدەستدانی بەهایەکەی، ئەم بیرۆکەیەی زۆر بەروون و ئاشکرایی پەیوەستە بەبیرو بۆچوونەکانی تیۆری پۆست مۆدێرنە، بەڵام پێموایە فۆرمێکیش بە تیۆری پۆست مۆدێرنە دەبەخشێت، ئەوە تیۆرێکە بەتایبەت لە لای نووسەری وەکو(بۆدریار) خاوەن سیفەتی شلەژان و پەرت بوونەو هەروەها ئەو خێراییەش نیشاندەدات کە چۆن ئەو تیۆرستانەی پۆست مۆدێرنە دەردەکەون و دواتریش ون دەبن.

**ڕەخنە ئاراستەکراوەکانی تیۆری پۆست مۆدێرنە:**

تیۆری پۆست مۆدێرنە ڕووبەڕووی ڕەخنە و ناڕەزایی زۆر بوونەوە لەلایەن شوێنکەوتوانی نوێگەراییەوە، هەروەها لەلایەن پارێزگارانیشەوە ڕەخنەی ڕووبەرووی پۆست مۆدێرنە کرایەوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بروایان بە نوێگەرایی نەبووە، ئەمەش مانای ئەوەیە عەقڵگەرایی پێشکەوتوخوازی هێرش دەکاتە سەر پۆست مۆدێرنە بەبیانوی ئەوەی دەیەوێ دەستکەوتەکانی نوێگەرایی بڕوخێنێ، گرینگترین ئەو ڕەخنانەی تر بریتی بوون لە نەبوونی پێوەرگەلی ڕوون و یەکجارەکی، پۆست مۆدێرنیزم هیچ شتێک بەسەر شتێکی دیکەدا بەرزناکاتەوە، بەڵکو دەڵێ سەرجەم

کولتوورەکان یەکسانن و هیچ یەکێک لەوانیتر بەرزتر نیە، نەبوونی پێوەر یان پێودانگ دەبێتە هۆی پۆچگەرایی، پاشان لەناوچوون.

تیۆری پۆست مۆدێرنە تەنانەت توشی چەند ڕەخنەیەکی هەموو داکۆکیکارەکانی (مارکس) بۆوە، بەتایبەت مارکسیەکان ڕەخنەی بەردەوامیان لە سیستەمی سەرمایەداری دەگرت و بەتوندی بەرگریان لەسەر تیۆرەکانی خۆیان دەکرد و گاڵتەیان بە تیۆری پشت نوێگەرایی دەکرد و لێرەدا ناوی ئیرنست چێلنەر زۆر دەهات لەم ڕووەو ڕەخەکانیشی بریتی بوون لە:-

1- تیۆرێکی ڕێژەییە.

2- نەگۆڕە.

3- هەتا ئێستاش کۆمەڵگای نوێ کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارییە.

4- تیۆری پۆست مۆدێرنە بۆ ئەوە ناشێت کاری شیکردنەوەی کۆمەڵگای نوێخوازبکات (19)

(چیلنەر) ئاماژە بە بێزاری خۆی دەکات لە هەرەسی پشت نوێگەرایی و لە قبوڵکردنی عەقڵ یان دەرەوەی چەمکی دامەزراوەیی بونیادگەرایی و لە کۆتایدا تیۆری پۆست مۆدێرنە بریتییە لە ڕەتکردنەوەی پاڵپشتی کردنی هەموو ڕووداوێکی بابەتی یان بونیادی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ.